# پێنج نوێژەکە، و هەینی بۆ هەینی، و ڕەمەزان بۆ رەمەزان، هەموویان دەبنە هۆی سڕینەوەی تاوان وگوناهەکانی نێوانیان، ئەگەر هاتوو مرۆڤی موسڵمان خۆی بەدوور گرت لە تاوانە گەورەکان

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت: «پێنج نوێژەکە، و هەینی بۆ هەینی، و ڕەمەزان بۆ رەمەزان، هەموویان دەبنە هۆی سڕینەوەی تاوان وگوناهەکانی نێوانیان، ئەگەر هاتوو مرۆڤی موسڵمان خۆی بەدوور گرت لە تاوانە گەورەکان».
[صەحیحە] [موسلیم گێراویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە پێنج نوێژە فەرزەکە لە شەو وڕۆژێکدا، ونوێژی هەینی لە هەموو هەفتەیەک، وڕۆژووگرتنی مانگی ڕەمەزان هەموو ساڵێک، ئەم پەرستنانە دەبنە هۆی لێخۆشبوونی تاوانەکانی نێوانیان بەمەرجی خۆ بەدوورگرتن لە تاوانە گەورەکان، چونکە تاوانە گەورەکان وەکو زینا وخواردنەوەی سەرخۆشکەر ؛ ئەمانە تەنها بە تەوبەکردن خوای گەورە لێی خۆش دەبێت.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/3591